https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.02

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# محەمەد پاشای سەرۆکهۆزی جاف (١٨١٤-١٨٨١)

پ. د. حەسەن کەریم جاف

پرۆفیسۆریخانەنیشینکراو

تریفە عەبدول سەلام محەمەد عەلی

زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئەدەبیات

Trefasalam1989@gmail.com

**پوختە**

ئەم بابەتەی ئامادەکراوە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، دەربارەی محەمەد پاشای سەرۆکهۆزی جاف، کە لە نێوان ساڵانی (١٨١٤-١٨٨١) ژیاوە، هەوڵدراوە ڕۆڵی کارای محەمەد پاشا لە قۆناغە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی کاریلەسەربکرێ.

لێکۆڵینەوەکە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە پەیوەندییەکانی هۆزی جاف و میرنشینی بابان کراوە، هەروەها تیشک خراوەتە سەر بوونی ململانێی ناوخۆیی ناو هۆزی جاف و دەستتێوەردانەکانی میرنشینی بابان لە کاروباری هۆزەکە.

لە تەوەرەی دووەمدا، ئاماژە بەو گۆڕانکارییانە دەکرێ کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لە ناوچەکە هاتەئاراوە، کە بووە هۆی زەقکردنەوەی پرسی هۆزەکان، وەکو دەسەڵاتی یەکەمی ڕکابەرکردنی سیاسەتەکانی هەریەک لە دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری و ڕۆڵی کارای محەمەد پاشا، کە لەم نێوەندەدا دەبێتە هۆکاری کێشمەکێشمی نێوان هەردوو دەوڵەت، بە تایبەت دوای بەستنی پەیماننامەی ئەرزەڕوومی دووەم لە ساڵی ١٨٤٧، هەروەها دروستبوونی هەماهەنگی لە نێوان هەردوو دەوڵەتی نێوبراو بۆ لێدانی هۆزەکان.

لە تەوەرەی سێیەمدا وەکو کۆتا تەوەرە، هۆکاری کوشتنی محەمەد پاشای جاف ڕووندەکرێتەوە، لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتەکانی هەردوو ئیمپراتۆریەتی قاجاری و عوسمانیدا.

# محەمەد پاشای سەرۆکهۆزی جاف (١٨١٤-١٨٨١)

## پێشەکی

هۆزی جاف خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە، نموونەیەکی بچووکراوەی کۆمەڵگەی کوردی بووە، خاوەن پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆی و هێزێکی سەربازی بەهێز و تایبەت بەخۆی هەبووە، بەگزادە و سەرۆکەکانی لە پاراستنی ئەم هۆزەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە، لە بەرانبەر هەریەک لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لە لایەک و لەلایەکی دیکە میرنشینە کوردییەکان، بەو پێیەی لەژێر دەسەڵاتی هەریەک لەو دوو دەوڵەتەدا بوون و بارودۆخیان لە بارودۆخی ئەوان باشتر نەبووە، بەڵام لە هەموو کاتوساتێکدا کەم تا زۆر ڕەچاوی تایبەتمەندیی ئەم هۆزەیان کردووە و جیاواز لە هۆزەکانی تر مامەڵەیان لەگەڵ کردوون.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەم لێکۆڵینەوەیدا لەسەری بدوێین کەسایەتییێکە، جیاواز بووە لە سەرکردە تەقلیدییەکانی ئەو هۆزە، کە بۆ ماوەی چەند دەیەیەک ڕۆڵی دیار و بەرچاوی لە نەخشەی سیاسی ئەو هۆزەدا گێڕاوە، ئەو کەسایەتییەش (محەمەد پاشای جاف)ە، کە لە نێوان سالانی ١٨١٤ – ١٨٨١ ژیاوە.

گرنگیی لێکۆڵینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ خستنەڕووی هەوڵەکانی محەمەد پاشا وەک سەرۆکهۆزی جاف، بۆ پاراستنی ناوبانگی هۆزی جاف و برەودان بە هۆزەکەی لەو دۆخە ناهەموارەی کە دوای لەناوچوونی دەسەڵاتی نیمچە سەربەخۆی کورد هاتەئاراوە، ئەوەش لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بوو.

پێکهاتەی توێژینەوەکە بریتییە لە سێ تەوەرە، لە تەوەرەی یەکەمدا تیشک دەخرێتە سەر بارودۆخی هۆزی جاف لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی میرنشینی باباندا، لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکانی هۆزی جاف بە سەرکردایەتیی محەمەد پاشا و میرنشینی بابان پێ دەنێتە قۆناغی ململانێوە.

لە تەوەرەی دووەمدا ئاماژە بە ڕۆڵی محەمەد پاشای جاف دەکەین دوای لەناوچوونی میرنشینی بابان، ناوبراو، ڕۆڵی بەرچاودەگێڕێ لە هەوڵەکانی بۆ دانەنان بە سنوورەکانی هەردوو دەوڵەتدا، بە ئومێدی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە دوای لەناوچوونی میرنشینی بابان لە ناوچەکە دروستبوو.

لە تەوەرەی سێیەم وەکو کۆتا تەوەرە، باس لە کوژرانی محەمەد پاشای جاف دەکەین، بە ڕوونی سیاسەتەکانی هەردوو دەوڵەت دەخەینەپێشچاو، لە هەماهەنگیکردنی یەکتردا بۆ لە نێوبردنی سەرانی ئازادیخوازی کورد، لە نێویشیاندا محەمەد پاشای جاف.

**تەوەرەی یەکەم/ محەمەد پاشای جاف لە سەردەمی بابانەکاندا:**

محەمەد پاشا کوڕی کەیخسرەو بەگی کوڕی سلێمان بەگی جافە، (حەسەن جاف، ٢٠١٣، ٢٧٦)، بچووکترین کوڕی کەیخسرەو بەگ بووە، لە (١٨١٤-١٨١٥) لەدایکبووە، دوای مردنی کەیخەسرەو بەگی باوکی لە ١٨٢٨ز و مردنی سێ کوڕی[١] لە بەرەبابی کەیخوسرەو بەگ[٢] ، تەنها محەمەد بەگی کوڕی لە ژیاندا بووە و ئەویش تەمەنی منداڵ بوو (شریف، ٢٠٠٥، ١١٥).

لای هەمووان ڕوونە کە هەمیشە سەرۆکهۆزەکانی کورد لەسەر بنەمای بۆماوەیی دەسەڵاتیان لە باوک بۆ کوڕ وەردەگرت، واتە کوڕی

گەورە شوێنی باوکی دەگرتەوە، بەڵام هەندێ هۆکاری تریش جگە لە بۆماوەیی ڕۆڵ دەبینێ و کاریگەریی خۆی دەبێت، وەک کەسایەتی و هێز و توانای زەوتکردنی دەسەڵات. هەندێکجاریش سیاسەت و پاڵپشتیی دەوڵەت (هەرووتی، ٢٠١٣، ٩٤-٩٥)، هەر وەک ڕیچ ئاماژە بە لایەنێک دەکات کە بۆ ئەم قۆناغەی ئێمە گرنگیی خۆی دەبێت و دەڵێت: (لە ناو هۆزی جافدا ئەگەر سەرۆک بمرێ و تەنها کوڕی بچووکی هەبێت، ئەوا برایەکی یان خزمێکی نزیکی دەسەڵات وەردەگرێت)(ریچ، ٢٠١٢، ١٢٣)، بەڵام لە نەریتی هەندێ هۆزدا دوای مردنی سەرۆکەکەی ڕیشسپییان کۆدەبنەوە و سەرۆکهۆزی نوێیان بە هەندێ پێوەری لێوەشاوەیی دیاریدەکرد (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠٠٢، ٣٣).

لەم قۆناغەدا هۆزی جاف بە چاولێکەریی مەغۆلەکان ئەنجوومەنێک پێکدێنن، (کوریتای) بۆ پاراستنی مافی کورە مێرد منداڵەکەی کەیخسرەو بەگ (خەسرۆ جاف، ٢٠١٣، ٥٣)، محەمەد پاشا لەلایەن سەرۆکهۆزەکان و ڕیشسپییانی هۆزی جافەوە وەک سەرۆکهۆزی جاف لە (١٨٢٨-١٨٢٩) هەڵبژێردرا، کە تەمەنی تەنیا ١٦ ساڵ بوو (بۆرەکەی، ١٣٨٥، ٩١٢؛ صدیق، ٢٠٠٨، ٥٨)، جێی باسە لەم قۆناغەدا ململانێ لەسەر پێگەی سەرۆکهۆزی جاف دروستدەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی محەمەد بەگی قادر بەگی سلێمان بەگ کە ئامۆزای محەمەد پاشایە و لە بەرەبابی بەهرام بەگییە، خاوەن هێز و دەسەڵات بووە و هەوڵیداوە مافی محەمەد پاشا لە سەرکردایەتیکردنی هۆزی جاف پێشلبکات و خۆی جێگەی بگرێتەوە (فەتاح بەگ، ١٩٩٥، ١٦٣)، ئەوەش ڕوونە کە هەمیشە ناکۆکیی ناوخۆیی ڕێگەخۆشکار بووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی باڵاتری قۆرخکار بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانی خۆی دەست بخاتە نێو کاروباری ناوخۆ و یەکڕیزی بشێوێنێ، ئەمەش وایکردبوو بابانەکان هەوڵبدەن دەست لە کاری بەگزادەکانی جاف وەربدەن، بە تایبەت ئەم هەلومەرجە زیاتر دەرەخسێت کە محەمەد پاشای کەیخوسرەو بەگ پەیوەندیی باش نەبووە

لەگەڵ ئەحمەد پادشای باباندا، بە تایبەت دوای کوژرانی عەبدوڵا[3] بەگی برای. دەکەوێتە دژایەتی کردنی بابانەکان.

بەڵام بابانەکان شەڕی جافەکان بەسەختی ناکەن، لە ترسی ئەوەی نەبادا بدەنە پاڵ ئەردەڵانییەکان و دوو هێزی گەورە لە بەرانبەریان بوەستنەوە (صالح، ٢٠٠٤، ١١٣)، لە پای ئەمەدا لە هەوڵدا دەبن کە (ئەحمەد بەگی وەلەد بەگ) بکەنە سەرۆکهۆزی جاف کە خاڵیان بووە (حسن جاف، ١٩٩٠، ٣٨)، ئەحمەد پاشای بابان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی و بۆ سەرخستنی خواستەکانی هەستاوە بە بانگهێشتکردنی محەمەد پاشای کوڕی کەیخسرەو بەگ بۆ سلێمانی، بەڵام محەمەد پاشا بە بیانووی نەخۆشی ناچێت و محەمەد بەگی قادر بەگ، خۆی کوڕەکانی بە ناوەکانی (بارام بەگ و ئەمین بەگ و میران بەگ و عەزیز بەگ)، لەگەڵ کۆمەڵێ خزم و کەسی بەگزادەدا چوونە سلێمانی، ئەحمەد پاشای بابان بەگزادەکانی لە کۆیسنجاق بەند کرد (الوائلی، ٢٠١٢، ٤٨-٤٩).

محەمەد پاشا یەکێک بوو لەو سەرۆکهۆزانەی کە لەسەر ڕێچکەی باوکی بەشداری لە کۆچی گەرمیان و کوێستان لەگەڵ هۆزەکەیدا کردووە (المحامی، ٢٠٠٥، ٤١)، لەم سەروبەندەشدا و لە وەرزی پاییزدا دەبێت دێنە خوارەوە بۆ دەوروپشتی مەریوان، شەو پیاوە گەورەکانی پشتماڵە لەگەڵ ڕیشسپییانی هۆزی جاف دەچنە لای محەمەد پاشا و پێی ئەڵێن: (ئەحمەد پاشا خەریکە تۆ بفەوتێنێ، ئامۆزاکانی تۆ وەک محەمەد بەگی قادر بەگ و کوڕەکانی زیندانی کردوون، دوژمنێکی وەک ئەحمەد بەگی وەلەد بەگیش کە خاڵوانی ئەحمەد پاشایە، چاوی لە جێگە و ڕێگەی تۆیە و بۆ تۆ گونجاونابێت لەیەک کاتدا شەڕی ناوخۆ و شەڕی دەرەکیش بکەیت[4]، محەمەد بەگیش لە وەڵامدا پێیان دەڵێت: (گەر خوا منی گەرەک بێت بەمانە نافەوتێم) (فەتاح بەگ، ١٩٩٥، ١٦٥-١٦٦).

لە دوای دوو ڕۆژ ئەحمەد بەگ و ژمارەیەک لە بەگزادانی وەلەد بەگی بۆ خۆنواندن دەچنە لای محەمەد بەگ، ئەویش باڵیان ئەبەستێ و بەندیان دەکات، هەر ئەو شەوە لە ناوچەی هۆمەرەسێنانی پێنجوێن پەلاماری ماڵی ئەحمەد بەگی وەڵەد بەگی دەدات، تالانی دەکات و دەیدات بە پشتماڵەکانی و هەواڵدەدات بە تەواوی هۆزی جاف، کەوا من دەگەڕێمەوە خاکی ئێران و دەبێت بەشێکتان بچنە شارەزوور و بەشێکتان لەگەڵم بێنە ئێران، خۆی و هەشت سەد سوار لەگەڵ بەگزادە حەپس کراوەکانی وەڵەد بەگی ئەچنە سنە، بەڵام بەهۆی ئەوەی حاکمی ئەردەڵان خوشکەزای ئەحمەد بەگی وەڵەد بەگی دەبێت، واتە خوشکی ئەحمەد بەگ درابوو بە (حوسێن قولی خانی)ی برای (خوسرەو خانی ئەردەڵان)، ناچار سنە بەجێدەهێڵێت و ئەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی (قزرەباط و شارەبان) (فەتاح بەگ، ١٩٩٥، ١٦٧؛ عمر خدر خدر، ٢٠١٤، ٢١١).

دوابەدوای گەڕانەوەی لەلایەن حکومەتی بەغداوە ڕێزی زۆری لێگیراوە و چاوی بە والی بەغدا دەکەوێت و ڕێگەی پێدراوە، کە خۆی و تەواوی هۆزەکەی لە مەندەلی بمێننەوە، دوای ماوەیەک ئەحمەد پاشای بابان لەگەڵی ئاشت دەبێتەوە و بانگهێشتی شارەزووری دەکات، لەوێ مانەوە تاوەکو لەناوچوونی میرنشینی بابان و پارێزگارییان لە دۆخی خۆیان کرد (الوائلی، ٢٠١٢، ٤٨–٤٩)، بەڵام لێرەدا گرنگە ئاماژە بەو لایەنە بکەین کە کوردستان بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافی، جگە لەوەی بۆتە هۆکاری ماڵوێرانی و سەرگەردانی خەڵکەکەی، خاکەکەشی بۆتە مەیدانی ململانێ و لە لایەن هەردوو دەوڵەتەوە بە پێی پەیماننامەی سنوورەکانی نێوانیان دابەشکراوە. لەلایەک هەستابوون بە دروستکردنی چەندین دەسەڵاتی خۆجێیی نیمچە سەربەخۆی وەک میرنشینەکان. لەلایەکی تر، تەماشاکردنی کورد وەکو پارێزەری سنوور، دواتریش دەستیانکردووە بە دروستکردنی ناکۆکیی نێوان میرنشینەکان و هۆزەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان و هۆزەکانی ناو دەوڵەتی بەرانبەر (هەرووتی، ٢٠١٣، ٧١).

ئەمەش بۆتە هۆکاری پەرتبوونی خاکەکەیان، بە جۆرێک کە یەکگرتنەوەیان کارێکی گران بێت، بەڵام بە پێخستنە سەدەی نۆزدەهەم و بە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاریی سەرتاسەری لە جیهاندا، بارودۆخەکە پێ دەنێتە قۆناغێکی جیاوازتر. لەلایەک پەیدابوونی دەسەڵاتی هەریەک لە وڵاتانی ڕووس و بەریتانیا لە ناوچەکە (منتیشاشیڤیلی، ٢٠٠٨، ١٥٦؛ علیاوەی، ٢٠٠٤، ٤٢)، لەلایەکی دیکە، هەوڵە بەردەوامەکانی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی، کە هەر ڕۆژە و لە فۆڕم و چوارچێوەیەکی نوێدا لەکاردابوون بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی خۆجێیی نیمچە سەربەخۆی کوردی، بەردەوام گۆڕانکاری لە سیاسەتیاندا لەئارادابووە (علیاوەی، ٢٠٠٤، ٢٤؛ جلیل، ١٩٨٧، ١٦٥) بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان، چ لە ناوبردنی میرنشینەکان بێت، یاخود دەستەمۆکردنی هۆزە گەورەکانی کورد بێت (مزیری، ٢٠١٢، ٤٨)، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش بەستنی پەیماننامەی ئەڕزەڕوومی دووەم بوو لە ساڵی ١٨٤٧ [٥]، وەک ڕوونە دوای چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامەکە، هەوڵیانداوە بە دەستێکی پۆڵایین بەسەر کوردەکان ڕابگەن و میرنشینە کوردەکان بە یەکجاری لەناوبەرن.

لە کاتی وردبینی لە سنوورەکان حکومەتی عوسمانی، ئەوەی بۆ ڕوونبۆتەوە کەوا میرنشینی بابان لە هەوڵی یەکگرتنە لەگەڵ هۆزی جافدا، ئەو یەکگرتنەش لە نێوان میرنشینی بابان و میرەکانی ئەم هۆزە دروستبووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە حکومەت هەوڵی ڕاکێشانی میرەکانی جاف بدات، بۆ ئەو مەبەستەش نازناوی پاشای بە محەمەد بەگ بەخشی (المحامی، ٢٠٠٥ ، ٣٦؛ شەریف، ٢٠١٠، ١٢٣)، وەک ڕوونە پێدانی نازناو بە سەرۆکهۆزە کوردییەکان لەو کاتەدا، خۆی لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەبینیەوە، بۆ ئەوەی لایەنگیریی هۆزەکان بۆ خۆیان بەدەستبهێنن و ڕێگە نەدرێت هەماهەنگیان لەگەڵ میرنشینەکاندا هەبێت، ڕوونتر بڵێین هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی هۆزەکان لە

ئاستێکدا ڕابگریت، کە نە ئەوەندە سەربەخۆبن تا بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە نە ئەوەندەش لە ژێر فشاردا بن، کە بیر لە یاخیبوون بکەنەوە و ئاژاوەبنێنەوە (المحامی، د.ت، ٤٠).

کاریگەریی ئەم سیاسەتەش لەو کاتەدا بەدیاردەکەوێت، کە میرنشینی بابان دەکەوێتە بەر لەشکرکێشیی نەجیب پاشای والیی بەغدا لە نێوان ساڵانی ١٨٤٩-١٨٥١، کە داوای یارمەتی لە محەمەد پاشای جاف دەکات، بەڵام محەمەد پاشا بە دەنگیەوە ناچێت (حسن جاف، ١٩٩٠، ٣٠؛ زەکی بەگ، ٢٠٠٦، ٢٣٨).

## تەوەرەی دووەم/ محەمەد پاشا دوای لەناوچوونی میرنشینی بابان

کێشەی سنووری چۆن لە تەواوی پەیماننامە سنوورییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا بەردەوام مایەی کێشمەکێش بوو، بە هەمان شێوە لە پەیماننامەی ئەرزەڕۆمی دووەمدا جێگەی گفتوگۆ بوو، بە تایبەتی کێشەی هۆز و عەشیرەتەکان لە سەر سنوورەکانی نێوان هەردوو وڵات، کە بە گرنگی هەوڵدرابوو ڕێوشوێنی چارەسەری بۆ بگیرێتەبەر، بەو مەبەستەی نیشتیمانی ئەو هۆزانە ساغبکرێتەوە و شوێنی گەرمیان و کوێستانیان لەو وڵاتەی بەسەریدا ساغدەبنەوە وەک نیشتیمان بۆیان دیاریبکرێت (دفترمطالعات سیاسی و بین المللی، ١٣٦٩، ج١، سند ١٦٢ ،٧٣٤ ،٧٣٨) (نصیری، ١٣٧١، سند ١١٧،٦٥-١٢٦)، هەموو ئەمانە لە خاڵی هەشتەمی پەیماننامەی ئەرزەڕوومدا ڕەنگیدابووەوە، کە تیایدا هاتووە (بۆ چارەسەر و بەرگرتن لە تاڵان و دزەکردنی هۆز و عەشایەرەکانی سەر سنوور، ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر و دەستبکەن بە جێبەجێکردنی، ئەویش لە ڕێگەی جێگیرکردنی سەرباز لە شوێنە جیاوازەکانی سەر سنوور، هەروەها هەدوولا بەڵێنیانداوە لە کاتی ڕوودانی کوشتن و تاڵانی و داگیرکاریدا ڕێگری لێبکەن و چارەسەری بابەتەکە پێکەوە بکەن، ئەو عەشایرانەش کە جێگەی ناکۆکین و خاوەنەکانیان نادیارە بە ویستی

خۆیان بە شێوەیەکی یەکجارەکی جێگەی نیشتەجێبوونیان بۆ دیاریبکرێ، ئەو عەشایرانەش کە نەتەوە و نیشتیمانیان دیارە بە زۆرەملێ بنێردرێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان (دەفتەر مطالعات سیاسی و بین المللی، ١٣٧٢ ، ج٦ ، سند ١١٠٥، ص٢٨٧).

دوابەدوای لەناوچوونی میرنشینە کوردییەکان، بۆشایی سیاسی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا پەیدابوو، لایەنێکی زەق بەدیارکەوت کە کاریگەریی تەواوی هەبوو لەسەر دۆخی سیاسی هۆزە بەناوبانگەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەویش بریتی بوو لە ململانێی نێوان هۆز و بنەماڵەکانی کوردستان، بێگومان هۆزی جافیش لەم دۆخە بەدەرنەبوو، بە تایبەت لەگەڵ هەمەوەندەکاندا، کە بەردەوام لە شەڕ و ململانێی بەردەوامدا بوون، چونکە لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەردوو هۆزی ناوبراو دوو هێزی گرنگیی ناوچەکە بوون، بەمەش بوونەتە جێگەی سەرنجی ئەو کەسایەتییانەی هاتوونەتە ناوچەکە.

ئیدموندس باس لەوە دەکات کە بە ناوچەی قەرەداغدا تێپەڕبووە و کەسێک بۆی گێڕاوەتەوە، کە گوایە هۆزی هەمەوەند سەرەڕای کەمیی ژمارەیان لە ناوچەکەدا کە تەنیا (٥٠٠-٦٠٠) بنەماڵەن و (١٠-١٢) هەزار ڕەشماڵی جافیان بە شێوەیەک چاوترسێن کردووە، کە نەتوانن بە لای ناوچەی هەمەوەندەکاندا بڕۆن (ئیدموندس، ٢٠٠٤، ٧١)، بەڵام ڕاستی ڕووداوەکان بەو جۆرە بووە، کە تیرەی مکایەلی سەر بە هۆزی جاف، لەگەڵ هەمەوەندەکاندا دراوسێ بوون و هەمیشە لەسەر شوێنی هەوار و دەغڵودان لە شەڕ و ناکۆکیدا بوون، چەندین جار شەڕ و تاڵان و بڕۆ لە نێوانیاندا ڕوویداوە، سەرەنجام کار بەوە دەگات کە محەمەد پاشای جاف لە تۆڵەی کاری تاڵانکردن و جەردەیی، خولەپەزەی سەرۆکی هەمەوەندەکان دەکوژێت (ئاشنا، ١٩٩٩، ١٢-١٣)، ئەمەش سەری کێشاوە

بۆ سەرهەڵدانی دوژمنداری لە نێوان هەردوو هۆزی نێوبراو (حەسەن جاف، ١٩٨٧، ٤٢).

لە قوناغەکانی دواتر دەوڵەتی عوسمانی ئەم ناکۆکییە بەهەل دەزانێ، بە تایبەت دوای کوژرانی محەمەد پاشا، ڕۆڵی خراپی دەبێت لە نوێکردنەوەی دوژمنایەتی نێوان هەردوو هۆزەکەدا (شوانی، ٢٠٠٩، ١١٢)، کە لە بەشی داهاتوودا بە وردی بابەتەکە دەخرێتە بەرباس، ئەم دۆخە یەکێک بوو لەو دەرئەنجامانەی کەوا پەیماننامەی ئەرزەڕۆمی دووەم لەسەر ناوچە کوردییەکانی بە جێهێشت، وەک ڕوونە ململانێی هەردوو دەوڵەت عوسمانی و ئێرانییەکانی لە جەنگی ڕاستەوخۆ گۆڕی بۆ جەنگی سارد، کە هۆزە سنوورییەکان ڕۆڵی کارایان تێدا گێڕاوە، لەم لایەنەشدا هەمیشە هەوڵیانداوە هۆزەکان وەک کارتێکی فشاری دژ بە یەک بەکاریانبهێنن و سوودیان لێ وەربگرن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبوو لە وەسفی ئەو بیانییانەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەردانی کوردستانیان کردووە و لە نزیکەوە ئاشنای ژیانی هۆزەکان بوون و بە گروپێکی ئاژاوەگێڕو بکوژ و دڕندە ناویان بردوون (فیلد، ٢٠١٢، ٩٤).

بێگومان هۆزی جافیش بەدەرنەبووە لەم وەسفە، ئەم ململانێیەی نێوان هۆز و بنەماڵەکان بۆ هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتیان لەسەر حسابی یەکتر، ئەمەش بۆ شێوازی ژیانیان دەگەڕێتەوە، کە کۆچەری بوون و بەردەوام ژمارەیان لە زیادبووندا بووە، لەو کاتەشدا هۆزی جاف بە سەرکردایەتیی محەمەد پاشا گەورەترین و بەناوبانگترین هۆزی کۆچەری بوون لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (قادر، ٢٠١٦، ٥٦)، یاخود دەتوانین بڵێین کە ئەم دۆخە بۆ سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی دەگەڕێتەوە، بۆ دەستگرتن بەسەر هۆزەکاندا کە لە سنووری هەردوو دەوڵەتدا دەژیان و کێشەی زۆریان دروستدەکرد، بە تایبەت ئەو هۆزانەی کە کاریگەرییان لەسەر دۆخی سیاسی و شڵەژانی سنوورەکان

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا هەبووە (زەکی بەگ، ٢٠٠٦، ١٤٠-١٤٢؛ سالح، ٢٠٠٧، ١٠٨؛ العلياويي ،٢٠٠٥، ١٧٣)، وەک هۆزی جاف بۆ ئەم مەبەستەش نازناوی پاشایان داوە بە سەرۆکەکانیان وەک (حمە پاشا و محمود پاشا و وەسمان پاشاو عەبدوڵلا پاشا (نوار، ١٩٦٨، ١٣٣-١٣٤؛ سنجابی، ٢٠١١، ٣٢؛ عەلی، ٢٠١١، ١١٤).

ڕوویەکی تری سیاسەتی هەردوو دەوڵەت بەرانبەر هۆزە کوردییەکان سوود لێبینینیان بووە، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیانداوە ئاگر لە نێوان هۆزەکاندا خۆشبکەن (زەکی بەگ، ٢٠٠٦، ١٤١-١٤٢؛ العلياويي، ٢٠٠٥، ١٧٣؛ سالح، ٢٠٠٤، ١٠٨؛ محەمەد ئەمین، ٢٠٠٩، ١٣٥)، لەو پێناوەی نەپڕژێنە سەر دژایەتیکردنی دەوڵەت و بە شەڕی یەکترەوە خەریکیان بکەن، ئەم ڕاستییەش لە کاتی کوژرانی محەمەد پاشادا ڕەنگیدایەوە، بە جۆرێک ئاگری نێوان هەمەوەند و جافیان هەڵگیرسان، کە نەیان پڕژێتە سەر ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی لەو سەردەمەدا سەریانهەڵدا، وەک شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە ساڵی (١٨٨٠)(محەمەدئەمین، ٢٠٠٩، ١٤٥)، کە ئەم لایەنە لە جێگەی خۆیدا زیاتر ڕووندەکەینەوە.

بەلایەکی دیکەدا، ئامانج لەم سیاسەتەیان لەدوای پەیماننامەی ئەرزەڕوومی دووەم، ئەوەبووە کە سوودیان لە هۆزەکان بینیوە و بریتی بووە لە بەکارهێنانی هۆزەکان، وەکو پارێزگاری سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت، ئەگەر بۆ نموونە تەنها سنوورەکانی کرمانشان و زەهاو و قەسری شیرین وەربگرین، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا سەرەتا لەلایەن محەمەد پاشای جافەوە لە نێوان ساڵانی (١٨٧٣-١٨٧٩)(فتاح بیگ، ٢٠١٢، ٦١)، دوای کوژرانی محەمەد پاشای جافیش، جوامێر ئاغای هەمەوەند دەسەڵاتداری ناوچەکە بووە و لە (١٨٨١-١٨٨٦) (محەمەدئەمین، ٢٠٠٩، ١٣٦).

به شێوەیەکی گشتی دوای لەناوچوونی میرنشینە کوردییەکان، دەسەڵاتدارانی تورک کۆنترۆڵکردنی خەڵکی کوردستانیان زۆر لا سەخت بوو، بە تایبەت لە ڕووی دارایی و مرۆییەوە (ئەسکەندەر، ٢٠٠٩ ، ٣٧٣ ) لە پێناو بەرزەفتکردنی دۆخەکەدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە هەوڵدابوو بۆ نیشتەجێکردنی ئەو هۆز و عەشیرەتانەی کە کۆچەری بوون (الحبيب ، ٢٠١٣، ٩٥)، لە چوارچێوەی ئەم هەوڵەدا دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٥٨ یاسای تاپۆی دەرکرد، بەڵام ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی تاوەکو سەردەمی مەدحەت پاشا [٦](١٨٦٩-١٨٧٢) نەچووە بواری جێبەجێکردن، یەکێک لە چاکسازییەکانی مەدحت پاشا بریتی بوو لە جێبەجێکردنی یاسای تاپۆ (الجواهيری، ١٩٧٨، ٣٧)، ئەمەش بۆ پاراستنی ئەمنیەت و ئاسایشی دەوڵەت لە دەست هۆزە گەورەکانی کورد، چونکە لێرە بە دواوە دەوڵەت درکی بە وریایی و زرنگی و ئازایی هەندێ لە سەرۆکهۆزەکان کردبوو، کە لە بیری سەربەخۆیی و ئازادی و سەربەستیی نەتەوەکەیاندان.

یەکێک لەو سەرۆکهۆزانە محەمەد پاشای جاف بوو کە بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە بیری سەربەخۆیی و دیلکردنی هۆزەکان و ئاسان وەرگرتنی باج و جێبەجێکردنی پرۆسەی سەربازی لە کاردابوون بۆ نیشتەجێکردنی هۆزە گەورەکانی کورد (کەریم، ٢٠١٢، ١٦٩)، وەکو دکتور عەبدول عەزیز سلێمان نەوار لەم ڕووەوە ئەڵێ: (عەشایری جاف گرفتاری و نارەحەتییان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروستدەکرد) (نوار، ١٩٦٨، ٧٠)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی ژیانی کۆچەریی هۆزی جاف، کە ژمارەی زۆرییان و تەسکیی لەوەڕگەکانیان و ئاووهەوای شارەزوور و گەرمیان ناساز بوو، بە ناچاری ڕانەکانی خۆیان لە هاویندا دەبردە کوێستانەکانی ئێران، هەندێ جار بە پێدانی باج و بەرتیل، یان بە ملهوڕی و قاچاخ هاوینەکەیان لەوێ بەسەردەبرد (ئەمین، ٢٠٠٥، ١٥٢)، ئەو کاتەی محەمەد پاشا سەرۆکی هۆزی جاف بوو، ئەگەر گوێڕایەڵیی حوکمی هەردوو

دەوڵەت بوایە و هاوینان هۆزەکەی خۆی لە شارەزوور گلبدایەتەوە، ئەوا ئاژەڵەکانیان بەهۆی گەرما و ڕەشەباوە لەناودەچوون، ئەگەر گوێشی بە دەوڵەت نەدایە و بهاتایە بۆ کوێستانەکانی کوردستان، ئەوا گیریان دەخوارد و ماڵ و حاڵیان دەکەوتە مەترسییەوە (ئەمین، ٢٠٠٥، ١٥٣).

لەلایەکی دیکە، بۆ بیری ئازادیی محەمەد پاشا دەگەڕێتەوە، درکی بەوە کردووە کە نیشتەجێبوون بە مانای کەمکردنەوەی هێز و توانای هۆزەکەی دەبێت و دەسەڵاتی میریان بەسەردا دەسەپێت، بۆیە هیچ کات دانی نەناوە بە سنووری نێوان عوسمانی و قاجاریدا (نوار، ١٩٦٨، ١٣٣)، هەروەها لەو ڕۆژگارەدا درکی بەوە کردووە کە یەکێک لە ڕێگەکانی حوکمرانی سیستەمی قەڵادارییە، بۆیە بە مەبەستی بەڕێوەبردنی هۆزەکەی قەڵای شێروانەی بنیادناوە، ئەم قەڵایە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار، لەنێوان ڕووباری سیروان و دەشتی بەرینی شێروانە لە ساڵانی (١٨٦٦_١٨٧٤) بنیادنراوە (دەلۆیی، ٢٠١٠، ٦).

لێرەدا گرنگە تیشک بخەینە سەر ڕێکخستنەوەی کارگێری، کە ڕۆڵی کاریگەری لە ژیانی هۆزەکاندا بە گشتی و هۆزی جاف بە تایبەتی هەبوو، هاوکات لەگەڵ بوونی مەدحت پاشا بە والیی بەغداد لە ( ١٨٦٩-١٨٧٢) عێراقی لە ڕووی کارگێڕییەوە ڕێکخستەوە، بە شێوەیەک تەنها دوو ویلایەت پێکهێنران؛ یەکەمیان ویلاتی بەغدا کە بریتی بوو لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرای کۆن. دووەمیان، ویلایەتی موسڵ بریتی بوو لە ویلایەتی موسڵ و شارەزوور، ئەم ویلایەتانە دابەشکرابوونە سەر ژمارەیەک لیوا و قەزا، کە سلێمانی یەکێک بوو لە لیواکانی سەر بە موسڵ و لەم قەزایانە پێکهاتبوو: (گوڵ عەنبەر، جاف[٧] بازیان، قەرەداغ، شارباژێر، مەرگە)، دوای جیابوونەوەی موسڵیش لە ویلایەت، بەغدا لە ساڵی ١٨٧٥ سلێمانی وەک سەنجەقێکی سەر بە موسڵ ناساند کە لەم قەزایانە پێکدەهات (گوڵ عەنبەر، شارباژێر، بازیان قرەطاخ، مەرگە) قەزای گوڵ

عەنبەریش هەر یەک لە ناحیەکانی (سرۆچک، قزڵجە )ی لەخۆدەگرت (عەلی، ٢٠٢٠، ٤٧).

لێرە بەدواوە تورکەکان هەر بەوەوە نەوەستان کە هەستا بوون بە دابەشکردنی پارە و پایە و لەقەب بەسەر سەرۆک عەشیرەت و شێخەکاندا، دەوڵەتی عوسمانی لە پلەی والی و قائیمقامدا دایدەنان، بەو پێیەی هەڵەبجە مەڵبەندی کۆنفدراسیۆنی هۆزی جاف بوو، پاشاکانی هۆزی جاف و زۆرێک لە بەگزادەکانی ئەم عەشیرەتە لەم شارەدا گیرسابوونەوە (مینتیشاشڤیلی، ٢٠٠٨، ٣٣-١٥٧)، سەرەڕای گەرمیان و کوێستان پێکردنی هۆزەکەیان لە میانەی هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا و بەپێی بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانی، کە لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٨٦٩ نێردراوە بۆ ئەیالەتی بەغداد، باس لە جێگیرکردنی هۆزی جاف لە هەڵەبجە و فەرمانی دامەزراندنی محەمەد پاشای جاف وەک قائیمقامی قەزاکە [٨] دەکات، وەک لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە (بەپێی ئەم ڕێخستنە نوێیەی کە لە سەنجەقی سلێمانیدا کراوە، یەکێک لەو پێنج قەزایەی دەکەوێتە سەنجەقەکەوە، بریتییە لە دەشتی  پان و بەرینی گوڵ عەنبەر کە نزیک سنووری ئێرانە، هەوارگەی زستانەی هۆزی جافە لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەکرێتە قائیمقامیەت، محەمەد پاشای سەرۆکی جاف دەکرێتە قائیمقامی قەزاکە (سەلاح، ٢٠١٧، ١١١).

محەمەد پاشای جاف دوای سێ ساڵ لە قائیمقامیەتی هەڵەبجە، لە ساڵی ١٨٧٣ لەسەر مەسەلەی باج و نیشتەجێکردنی هۆزی جاف، پەیوەندی و نێوانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی تێکچوو، بە تایبەت کاتێ والیی بەغداد لە ساڵی١٨٧٣ بۆ ئەوەی نیشتەجێیانبکەن، دەنێرێت بە شوێن محەمەد پاشادا، کە سەرکردەی هاروونییەکان و کەرەم وەیسییەکانی لەگەڵ چووبوون، لەبەر ئەوەی بە باشی لە تورکی تێدەگەیشتن، والیی بەغدا جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە پێویستە هۆزی جاف

نیشتەجێبن و تەبەعەی ئێران، یان عوسمانی وەربگرن، ئەگەر هاتوو نیشتەجێبوون ئەوا زەوییان بەناوەوە دەکرێ و لە بەرانبەریشدا ئەگەر پێچەوانەی ئەم بڕیارە بجووڵێنەوە و نیشتەجێنەبن و تەبعیەتی یەک لەم دوو دەوڵەتە وەرنەگرن، دەکەونە بەر شاڵاوی لەشکری هەردوو دەوڵەت.

وەڵامی محەمەد پاشا هەر لەوێدا ڕاشکاو دەبێ و ڕایدەگەیەنێ کە نە من و نە هۆزەکەم ئامادەنین دەست لە کۆچەرایەتی هەڵبگرین، چونکە ژیانی ئێمە بەسەر ئاژەڵەکانمانەوەیە و سەدان ساڵە بەم شێوازە ژیاوین و ئامادەنین گۆڕانکاری بەسەر ژیانماندا بێنین و وەک هۆزێکی بێدەسەڵات بین، چونکە محەمەد پاشا پێی وابووە ئەم زەوی و زارە دەبێتە پێوەند بۆیان و سەربەستیی خۆی و هۆزەکەی لەدەستدەچێت و ئەڵێت ئەم دیلییە چۆن هەڵبگرین؟ (فەهمی بەگ، ب.س، ٣٩) قاچی خۆمان چۆن ئەخەینە ناو زنجیری کشتوکاڵەوە؟ بۆیە بەبێ گوێدانە هەڕەشەکان ئەم بڕیارە ڕەتدەکاتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ شارەزوور، بەڵام دواتر عەزیز شاوەیس دەچێتەوە بۆ لای والی و ڕەزامەندیی خۆی نیشاندەدات بەوەی کە شوێنکەوتەی عوسمانی بێت، بە مەرجێک کە زەوی و زاریان پێ بدرێت و لەسەریان تاپۆ بکرێ، بەمەش والی فەرمان دەکات بە پێدانی زەوی، بە مەرجێک لەگەڵ محەمەد پاشا نەڕۆن بۆ ئێران و سنووری ئەم دوو دەوڵەتە نەشێوێنن (ڕۆژنامەی زەوراء، ژمارە (٣٣٧)، ١٠ی مانگی سەفەری، ١٢٩٠ بەرانبەر ٩ی نیسانی١٨٧٣ ڕۆمی)، دواتر والی ڕاپۆرتیکی دژ بە محەمەد پاشا نووسی و ڕایگەیاند کە تیرەی شاتری و هاروونی ئامادەن نیشتەجێبن، بە مەرجێک زەوی و زار و موڵکیان پێبدرێ و محەمەد پاشاش ناچاربکرێ بە نیشتەجێبوون و لە یەکێک لەم دوو دەوڵەتەدا (قادر، ٢٠١٦، ١٨١).

بۆ ئەم مەبەستەش سەردار عومەر پاشای بە هێزێکی گەورەوە نارده سەر محەمەد پاشا، بەڵام محەمەد پاشا بە ڕاشکاوی بە عومەر پاشای

ڕاگەیاند (ئێمە ئێستا وەکو بازێکی سەربەستین، کوێمان بەدڵ بێت ئەنیشینەوە و بە موڵکی خۆمانی ئەزانین) (عەلی، ٢٠٠٨، ٥٤؛ حەسەن جاف،١٩٩٠، ٣٢)، عومەر پاشا لە هەڵویستی محەمەد پاشا زۆر توڕە دەبێت، بڕیاری ئازاردانی محەمەد پاشای جاف دەدات بە لەشکرێکەوە هێرش دەکاتە سەر محەمەد پاشا و ناچاریدەکات ناوچەی شارەزوور بەجێبهێڵێت و بکشێتەوە بۆ ناوچەکانی کەژی شەمێران و زمناکۆ، لە ئەنجامی ئەم هێرشەدا زیانێکی زۆر بە ناوچەکە دەگات و گوندی چروستان و چەند گوندێکی دیکە دەسووتێن (دیوانی مەولەوی، ١٩٩١، ٩؛ حەسەن جاف، ٢٠١٣، ٢٧٤)، محەمەد پاشاش لەگەڵ بەگزادەی وەلەدبەگی و بارام بەگی و گشت تیرەکانی ڕوو دەکاتە ئێران، بەڵام تایفەی کەرەم وەیسی کە بەشێکن لە تیرەی شاتری لەگەڵیان ناڕۆن بۆ ئێران، کاتێک محەمەد پاشا خاکی عوسمانی بەجێهێشتوو ڕووی کردە ئێران، لە دوای ئەویش دەوڵەتی عوسمانی سەرەتا محەمەد بەگی قادر پاشا و دواتریش محەمەد سالح بەگی کرد بە قائیمقامی هەڵەبجە (سەلاح، ٢٠١٧، ١١٣).

دەوڵەتی ئێران بۆ نزیکبوونەوە لە هۆزی جاف و ڕاکێشانیان بۆ خزمەتی سیاسیان لەلایەن ناصرەددین شای قاجارەوە، ڕێزێکی زۆریان لە محەمەد پاشا گرت و بەپێی فەرمانی ناصرەددین شای قاجارە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە محەمەد پاشا لەلایەن ناصرەددین شای قاجارەوە نازناوی خانی پێ بەخشرا، میرنیشینی زەهاو و هەموو ناوچەی سەر سنووری ئێران و عوسمانی پێ سپێردرا، هەر لەم مەرسومەدا ئاماژە بەوە دراوە کە پێویستە لەسەر خەڵکی زەهاو ناوبراو بە فەرمانڕەوای خۆیان بزانن، هەر پسوولەیەکی ئەو بۆ وەرگرتنی باج و خەراجی دیوان بە فەرمی بزانن (کەریم بیگ، ٢٠١٢، ٢٥٣؛ خوسرەو جاف،٢٠١٣، ٥٨٥؛ قادر، ٢٠١٦، ١٨٤)، لە هەمان کاتدا عوسمان بەگی کوڕی دەکرێتە حاکمی جوانڕۆ (حەسەن جاف، ١٩٩٠، ٣٢؛ زەکی بەگ، ٢٠٠٥، ٢٥٨؛ سنجاوی، ٢٠١١، ٣١)، هەروەها مووچە بۆ محەمەد پاشا

دەبڕدرێتەوە و لەلایەن حکومەتی قاجارییەوە داوای لێ دەکەن جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ ناو خاکی عوسمانی (فهمی جاف، ب.س، ٤٠)، لێرەدا بە ڕوونی دیارە دەوڵەتی قاجار ئامانجی لە پێدانی ئەم میرنشینە دەستەمۆکردنی هۆزی جاف بووە، بەڵام بە ڕێگەیەکی جیاوازتر لە دەوڵەتی عوسمانی کە بە ئومێدبووە هۆزی جاف بە پێدانی ئەم میرنشینە وردەوردە ڕوو لە نیشتەجێبوون بکات، بەڵام دووبارە کارەکانی محەمەد پاشا لە بەردەوامبوونی کۆچی زستانە و هاوینەیان دەبێتە هۆی بێئومێدبوونی دەوڵەتی قاجار و پلانەکەیان پوچەڵدەبێتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی فراوانتر جافەکانی جوانڕۆش دەستدەکەن بە گەرمیان و کوێستان کردن لەگەڵیان و حەمە پاشا بە هۆزەکەی ڕادەگەیەنێت کە گوێ بە سنوور نەدەن و بەردەوام بن لە کۆچی زستانە و هاوینەیان، بەمەش پەشێویەکی زۆر لە سنوورەکانی عوسمانیدا دروستدەکەن و کاربەدەستانی عوسمان بەجارێ تەنگەتاو دەبن، هەرچەند دەکەن محەمەد پاشا لەناوبەرن دەستیان ناگاتێ، ناچار لە ڕێگەی باڵیوزخانەکەیانەوە لە تاران داوای تەسلیمکردنی محەمەد پاشا دەکەن، بەڵام ئێران بە دەستیەوە نادات (ملکم خان، ١٩٧٠، ٤٠).

دەسەڵاتی فراوانی محەمەد پاشا لە ئێراندا نارەزایی دێنێتەکایەوە، بە تایبەت کە محەمەد پاشا لەگەڵ فەرهاد میرزا[٩]دا کە مامی ناصرەددین شا بوو لە ساڵی ١٢٨٤-١٢٩١ کۆچی والیی سنە بووە، نێوانیان تێکدەچێت بەهۆی ئەوەی، کە والی داوا لە محەمەد پاشا دەکات عەشایەری جاف لەئێراندا جێگیربکات ببنە شوێنکەوتەی ئێران و ڕێگەی دەستدریژیی تیرەکانی جاف نەدا بۆ سەر ناوچە سەر سنوورییەکانی ئێران، ئەگەر سەرپێچی لەم فەرمانە بکات ڕێگەی هاتووچۆی تیرە کۆچەرییەکانی جاف نادرێت لە خاکی عوسمانییەوە بێتە خاکی ئێران، محەمەد پاشا ئەم فەرمانەی فەرهاد میرزای ڕەتکردەوە (حەسەن جاف، ١٩٩٠، ٣٥؛ سنجاوی، ٢٠١١، ٢٨؛ سەید تاهیری هاشمی، دەستنوس).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پەرەسەندنی دەسەڵاتی محەمەد پاشا و هۆزی جاف لە ڕۆژئاوای ئێران، دەوڵەتی ئێرانیش دەخاتە مەترسییەوە و دەیانەوێت بەهەر جۆرێک بێت لە محەمەد پاشا ڕزگاریان ببێت، ئەم ڕاستییە لە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی ئێران پشتڕاستدەبێتەوە، کە تیایدا هاتووە (هەموو فیتنەی ناوچەکە جا (یار ئەحمەد بەگ) بیکات، یان (ڕەسول ئاغای شیوەکەل)، یا (ئەحمەد کەندە سوری)، یان هەورامی، یا هەمەوەند، هەمووی فیتی محەمەد بەگە، چونکە هەموویان بە فەرمانی ئەو دەجوڵێنەوە، ئەگەر ئەو لەناوبچێت وەکو کاتژمێرێک چۆن قوڕمیشەکەی نەمێنێت هەموو یاخیبوانی ناوچەکە لەکاردەوەستن...) (فاروقی، ١٣٨٣، ٧٤-٧٥) (دفترمطالعات سیاسی وبین المللی، ١٣٦٩، ج٢، سند ٣٤٥، ص٦١٩)، لە هەوڵەکانی فەرهاد میرزا بۆ ڕزگاربوون لە محەمەد پاشا بۆ ئەوەی تەنگیپێهەڵچنیێ، حەبیبوڵا خانی باوەجانی سەرۆکی تیرەی باوەجانی، کە تیرەیەکن لە جافی ئێران بەند دەکات، ئەم حەبیبوڵاخانە زۆر خۆشەویست و نزیکی محەمەد پاشا بووە، محەمەد پاشا هەر شتێکی پێ بگوتبایە دەستبەجێ جێبەجێیدەکرد، فەرهاد میرزا حەبیبوڵاخان دەگرێ، محەمەد پاشا تکای لێ دەکا و بەڵێنی پارە و نەختینەیەکی زۆری دەداتێ، هەر ئازادی ناکات، وەک لە نامەیەکدا کە فەرهاد میرزا بۆ حاجی ئەمیر نیزامی گەروسی ناردووە ڕووندەبێتەوە کە دەڵێت: (حەمە بەگی جاف هەزار تومەن و قەتارێک ئەسپی پێشکەشکرد، حەبیبوڵاخان ئازاد بکەم، بەڵام من شەفاعەتی ناوبراوم قبوڵنەکرد و لەسەر نامەی کاک ئەحمەدی شێخ (قدس سره عزیز) ئازادم کرد (حەسەن جاف ١٩٩٠، ٣٦ ؛ دەستنووسی سەید تاهیری هاشمی، مەولەوی تاوەگزەیی؛ حەسەن، ٢٠٠٤، ٦٦).

تاکە چارەسەر بەلای والیی سنە مایەوە شەڕ بوو، بۆیە سوپایەک ئامادەدەکات کە پێکدێت لە شەش هەزار سوارچاک و سەربازی نیزامی و نانیزامی، لە گوندی تویزخاتوون کە دەکەوێتە نزیک لەوەڕگەکانی هۆزی

جاف، تۆپچییەکان هاتنە ڕیزی سوپاکەی والیی سنە، کە بۆ یەکەمجاربوو تۆپ دژی هۆزی جاف بەکارهاتبێت، فەرهاد میرزا فەرمان دەکات لە هەردوو خاڵی (ناوخن شلێر ، خاومیرابار) ڕێگە لە هاتنی هۆزی جاف بگرن، دوای شەڕ و شۆڕێکی زۆر بە هۆی ناهاوسەنگیی هێز، هۆزی جاف بە سەختی دەشکێت (فەتاح بەگی جاف، ١٩٩٥، ٥٦؛ کردستانی، ٢٠٠٢، ١٤٦،١٤٧؛ مەردوخ، ب.س، ١٩٥،١٩٦).

توندوتیژیی سوپای ئێران لەگەڵ هۆزی جافدا محەمەد پاشا نیگەران دەکات، بەڵام کاتێ کە دەوڵەتی عوسمانیی بەجێهیشت، چووە ئێران و مەحمود بەگی کوڕی لە بەغدا دەبێت و لەگەڵی نەچووبوو (فەهمی بەگ، ب.س، ٤١-٤٠)، لەو دەمەدا عەبدول ڕەحمان پاشا والیی بەغدا دەبێت (١٨٧٩-١٨٨٠) و تەحسن پاشا والی موسڵ دەبێت (١٨٧٩-١٨٨٧)، چەند جارێک مەحمود بەگی کوڕی بە شوێنیدا دەنێرن بۆ ئەوەی بۆ ناو خاکی عوسمانی بگەڕێتەوە (زەکی بەگ، ٢٠٠٦، ١٣٣؛ البرواری، ٢٠٠٩، ٢٣٨ )، بۆیە دەکرێ لێرەدا پرسیاری ئەوە بکرێت کە ئاخۆ دەبێت چ هۆکارێک وای لەکاربەدەستانی عوسمانی کردبێت کە هەڵوێستێکی لەو جۆرە بنوێنن و دووبارە بانگهێشتی محەمەد پاشا بکەنەوە بۆناو سنوورەکانی عوسمانی، لە کاتێکدا کە زۆر لێی ناڕەحەت بوون؟

دەکرێ لێرەدا بڵێین دووبارە ئەمە قۆناغی سوودبینینە لە جافەکان بۆ ململانێ پێکردنی بە هۆزە دیارەکانی تری کورد لە ناوچە سنوورییەکاندا، لێرەدا مەبەستمان لە ئاگر، خۆشکردنی نێوان هۆزی نێوبراو و هەمەوەندە، بە تایبەت دوای ڕوودانی چەند شەڕێکی یەک لە دوای یەک لە نێوان هۆزی زەنگەنە و هەمەوەندەکان،[١٠] هەمەوەندەکان کشاونەتەوە بۆ سنوورەکانی ئێران لە ١٨٧٨ لەوێوە دریژەیان بە پەلامارەکانی خۆیان داوە بۆ قوڵایی سنوورەکانی عوسمانی (زەکی بەگ، 2006، ١٤١) و زەهاویان کردۆتە بنکەی پەلامارەکانیان، هەر لە مەدائینی نزیک بەغداوە و

ڕۆژئاوای کەرکوکەوە لە سنوورەکانی عوسمانی بۆ ناوچەکانی کرمانشانی سنووری ئێران، خستوویانەتە ژێر هەڕەشەی خۆیانەوە، ئەمەش وایکردبوو کە دەوڵەتی عوسمانی بە دوای ڕێگە چارەیەکدا بگەڕێت، لەلایەک دەیویست لەگەڵ ئێراندا پێکبێت، لەلایەکی دیکەش دەیویست سوود لە هۆزە کوردییەکان وەربگرێت، بە تایبەت هۆزێکی وەک هۆزی جاف (محەمەد ئەمین، ٢٠١٥، ١٤٣) .

سەرەنجام، محەمەد پاشا ناوچەی زەهاو بەجێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی، والیی بەغدا بە بەرژەوەندی دەزانێ و ڕێزێگی زۆری لێدەنێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زۆربەی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی لێی نارەحەتبوون و هاتنەوەیان بە هەل زانیوە، هەوڵدراوە داوێکی بۆ بنێنەوە بۆ ئەوەی بەدگومانیی محەمەد پاشا نەوروژێنن، لە سەرەتادا دەیکەن بە جێگری موتەسەڕیفی سلێمانی، وا دیارە ئەم وەکالەتە لە نێوان موتەسەڕیفی ئیبراهیم پاشا و ثابیت پاشادا بووبێت، چونکە ساڵی ١٨٧٦ کۆچی دوایی دەکات (ڕۆحانی، ٢٠١٢، ٢٧٦) (گەورانی، ٢٠٠٠، ٦٢-٦٣)، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٨٧٧ ناوبراو پۆستی قائیمقامیەتی هەڵەبجەی وەرگرتەوە، هەتا کوژرانی لە ساڵی ١٨٨١-١٨٨٢ (سەڵاح، ٢٠١٧، ١١٣).

## تەوەرەی سێیەم/ کوژرانی حەمە پاشای جاف

ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانی هەمیشە سیاسەتی بریتیبووە لە نانەوەی ئاژاوە لە نێو سەرانی کورددا، بەڵام لە دوای لەناوچوونی میرنشینە کوردییەکان و پیادەکردنی ئەم سیاسەتەی بە شێوەیەکی چڕتر دەکەوێتە بەرچاو، چونکە لەم قۆناغەدا پرسی هۆزەکان بریتیبوو لە هەوڵدانێک بۆ دروستکردنی میرنشینی سەربەخۆ، بەڵام ئەستەنبوڵ دەیزانی چۆن یاریبکات و چۆن دژی یەکتر بەشەڕیانبدات، بەو پێیە کە دوژمنی سەرەکیی هەموو کوردێک هەمیشە هۆزەکەی هاوسێ بوو

(سۆن، ٢٠٠٧، ٧)، هەر لە میانەی چڕکردنەوەی هەوڵ و هەماهەنگیەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی حوکمڕان، دوای پەیماننامەی ئەرزەڕوومی دووەم بۆ لەناوبردنی سەرانی کورد، کە خاوەن بیری ئازادی و سەربەخۆیی بوون، لەم نێوانەشدا محەمەد پاشا یەکێک بوو لەو سەرۆکهۆزە هەڵکەوتوانەی کە بۆ ماوەی چەندین دەیە، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی لە نەخشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم هۆزەدا گێڕاوە، هەرگیز ملی بۆ حکومەتی عوسمانی و قاجاری نەداوە، سەرەڕای پێدانی پلە و پۆست و نازناو لە لایەن هەردوو دەوڵەت، وەک لە بەشی ڕابردوودا ئاماژەمان پێکرد، کە لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە نازناوی پاشای پێ بەخشراو کرابوو بە قائیمقامی هەڵەبجە و لەلایەن ناصرەددین شای قاجارەوە پلەی خانی وەرگرتووە و بووە بە فەرمانڕەوای میرنشینی زەهاو.

هەرچەندە سیاسەتی هەردوو دەوڵەت بە ڕێگەیەکی جیاواز لەگەڵ یەکبوون بەرانبەر بە محەمەد پاشا، وەک ڕوونە عوسمانییەکان هەمیشە لە ڕێگەی لەشکرەوە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی داوە و لە بەرانبەردا قاجارییەکان هەوڵیانداوە لە ڕێگەی سیاسەتی سەرنج ڕاکێشانەوە محەمەد پاشا دەستەمۆ بکەن (حەسەن جاف، ١٩٩٦، ٦٦-٦٧)، بەڵام بەهەر جۆرێک بێت لە کۆتاییدا ئامانجیان لەیەک خاڵدا کۆدەبووەوە، ئەویش بریتی بوو لە نیشتەجێکردنی هۆزی جاف و ئارامکردنەوەی سنووری نێوانیان، هەتا دروستبوون و یارمەتیدانی یەکتر بۆ لەناوبردنی سەرانی هەڵکەوتووی کورد و نەهێشتنیان لە مەیداندا، ئەمەش بە دوو ڕێگەبوو:

یەکەمیان دروستکردنی دوژمنایەتی، یان هاندانی سەرۆکە کوردەکان دژ بەیەکتر.

دووەمیان لە ناوبردنیان بە دەستی یەکتر و بەپیلانگێڕی.

لەم پێگەیەوەش توانیبووی هەرچی یاخیبوونی هۆزە کوردییەکان بوو، لە ڕێگەی هۆزێکی کوردیی ترەوە دابمرکێنێتەوە (جوەید، ٢٠٠٧، ٤٣).

تەواوی ئەم سیاسەتانەی دەوڵەتی عوسمانی ڕەنگدانەوەی لە کوشتنی محەمەد پاشادا هەبوو، لێرەشدا نموونەی ئەو ڕاستییە بۆ سیاسەتی عوسمانییەکان دەخەینەڕوو، وەک ڕوونە گەڕانەوەی محەمەد پاشا بە سیاسەتی حکومەتی عوسمانی بوو، لە هەمان کاتدا بەرەیەکی لە ناو هۆزی جافدا لە بەرانبەری دروستکردبوو، وەکو کەرەم وەیسییەکان، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە سەرۆکهۆزی جاف، واتە محەمەد پاشا قایل نەبوو بە نیشتەجێبوونی جافەکان و ڕۆشت بۆ ناو خاکی ئێران، لەم نێوەندەدا عوسمانییەکان سوودی زۆر لە کەرەم وەیسییەکان وەردەگرن، کە تیرەیەکن لە هۆزی گەورەی جاف و لەگەڵ محەمەد پاشادا کۆچ ناکەن بۆ ئێران و دەبن بە خاوەن زەوی و زار و گرنگییەکی زۆر دەدەن بە عزیز شاوەیسی سەرۆکتیرەی کەرەم وەیسییەکان، بەهێزی دەکەن بۆ ئەوەی هێزێکیان لە جافەکان بەدەستەوە بمێنێ (زوراء، ژمارە ٣٣٧، ١٠ی سەفەری١٢٩٠ک)، بێگومان ئەم هەوڵانەشیان سەردەگرێت، بە تایبەت دوای گەڕانەوەی محەمەد پاشا بۆ خاکی عوسمانی و پێدانەوەی پلەی قائیمقامی هەڵەبجە بۆ جاری دووەم لە ١٨٧٩.

هانی کەرەم وەیسییەکان دەدەن بۆ ئەوەی ببنە بەربەست بەرانبەر بە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی قائیمقامیەت، هەڵدەستن بە بڕینی کلکی ئەسپەکان و ئازاردانی پاسەوانەکان (حەسەن جاف، ١٩٩٦، ٦٦-٦٧)، بێگومان ئەم هەڵویستانەی کەرەم وەیسیەکان بە پلانگێڕی و پاڵپشتی حکومەت بوو، بووە هۆی ئەوەی کە محەمەد پاشا عەزیزی شاوەیس بەند بکات، دواتر لە زینداندا بە نەخۆشی (سییەکان) کۆچی دوایی کرد (فەهمی بەگ، ب.س،٤١؛ حەسەن جاف، ١٩٩٦ ،٦٩-٧٠؛ سنجاوی، ٢٠١١، ٣٠؛ صدیق، ٢٠٠٨، ٥٧-٥٨).

حکومەت عوسمانی و نەیارانی محەمەد پاشا، مردنی عەزیزی شاوەیس دەقۆزنەوە و هەڵدەستن بە نانەوەی ئاشوب، زیاتر هانی کەرەم وەیسیەکانیان دەدا، لەبەر ئەوەی گوایە محەمەد پاشا سەرۆکەکەیانی کوشتوە، ئەمەشیان بۆ دەچێتە سەرو لە دوای تۆڵەکردنەوەی خۆیان دەبن، تا لە ساڵی ١٨٨١ز محەمەد پاشا دەچێتە ڕاو و شکار لە ناوچەی چیمەن برایم سەمین (ئەمین زەکی، ٢٠٠٦، ١٣٣-٢٠٧؛ بورەکەی، ١٣٨٥، ٩١٢؛ حەسەن جاف، ١٩٨٧، ٤٠-٤١؛ صدیق، ٢٠٠٨، ٥٨؛ یاروەیسی، ٢٠٢٠، ٢٩٦)، لەکاتێکدا کە شەو خێوەت هەڵدەدەن، محەمەد پاشا شەو بەبێ ترس دەخەوێت، ڕەنگە ئەم بێباکییەی ناوبراو بۆ دوو هۆکار بگەڕێتەوە:

یەکەمیان لەخۆی دڵنیا بووە کە بکوژی عەزیز شاوەیس نییە و بەڵگەش بۆ ئەمە هیچ کاتێک پاکانەی نەکردووە بۆ خۆی، کە بڵێت من بێ بەریم لە مردنی ناوبراو.

دووەمیان پێدەچێت باوەڕی بەوە نەکرد بێت کە کەرەم وەیسییەکان ئەو پڕوپاگەندانە لە مێشکیان چەقی بێت و هەوڵی کوشتنی بدەن، لەکاتێکدا ئەوان تیرەیەک بوون لە هۆزی جاف و ژن و ژنخوازی لە نێوانیان هەبووە، واتە خێزانەکەی کە دایکی مەحمود پاشا و وەسمان پاشایە و لەو تیرەیەن (فەهمی بەگ، ب.س، ٤٢).

شەو کەرەم وەیسییەکان بەسەر خێوەتەکەی محەمەد پاشادا دەدەن و بە خەنجەر دەیکوژن (فەهمی بەگ، ب.س، ٤٢؛ ئاشنا، ١٩٩٩، ٨)، کاری کوشتنەکەی بە دەستی دوو کەس بوو، یەکێکیان فارسی کوڕی عەزیزی شاوەیس بوو، ئەوی دیکەیان میر وەیسی ژنبرای عەزیزی شاویس بوو (ئاشنا، ١٩٩٩، ٨). وا دیارە لەوکاتەدا بەهۆی کەمیی پاسەوانەکانی محەمەد پاشا، نەیانتوانیوە بەرگری لێبکەن، چونکە لەو کاتوساتەدا فەتاح بەگی کوڕی محەمەد پاشا سەرپەرشتیاری پاسەوانەکانی محەمەد پاشا

بووه و به فەرمانی محەمەد پاشا بەرەو ناوچەکانی داودە ڕۆیشتبوو. لە ئەنجامی ئەم هەڵکوتینە سەرە لە ناکاوەدا محەمەد پاشا کوژرا.

دوای کوژرانی محەمەد پاشا سەیدەکانی کفری تەرمەکەی دەبەن و لە سەید خەلیل دەینێژن، پاشان هەواڵ دەدەنە مەحمود پاشا و وەسمان پاشا کە محەمەد پاشا کوژراوە، لەو دەمەدا ئەوان لە سلێمانی دەبن، ئەم هەواڵە لە سلێمانیدا بڵاودەبێتەوە و خەڵکێکی زۆر دەچنە لای مەحمود بەگی کوڕی بۆ سەرەخۆشی، ئەویش لە وەڵامدا پێیان دەڵێت: (من باوکم نەمردووە تا سەرەخۆشیم لێبکەن، من باوکم کوژراوە، باوک کوژراو سەرەخۆشی لێناکرێت) (ئاشنا، ١٩٩٩، ١١؛ قادر، ٢٠١٦، ٦١؛ فەهمی بەگ، ب.س، ٤٣). لێرەدا ئەم وەڵامەی مەحمود پاشا لە دابونەریتی عەشایری کورددا، ئەوە دەگەیەنێت کە مەحمود پاشا بە دوای تۆڵەی باوکیدا دەڕوات.

دەربارەی پەنادانی کەرەم وەیسییەکان لەلایەن هەمەوەندەکانەوە، بیروڕای جیاواز هەیە، بەڵام ئەو بۆچوونانەی کە کۆکن پێیانوایە جوامێر ئاغا لەماڵدا نابێ، کەرەم وەیسییەکان خۆیان بە دیوەخانیدا دەدەن (شەریف، ٢٠٠٦، ٣٥؛ دەستنوسی مستەفا بەگ)، هەروەها بە پێی یاسای عەشایەری وایە، کە ئەگەر کەسێک خۆی خستە ناو ماڵت، ئەگەر تاوانباریش بێت دەبێت وەریبگریت و بەرگری لێ بکەیت (فیلد، ٢٠٠٦، ٩١؛ ژیان، ٤٩١، ١٩٣٦، ٤؛ ئاشنا، ١٩٩٩، ١١-١٢). لەلایەکی دیکەوە، ڕەنگە کاربەدەستانی حکومەتی ئێران دەستیان هەبووبێت لە هەڵوێستی جوامێرئاغا بۆ پەنادانی بکوژانی محەمەد پاشا، ئەویش بەهۆی ئەوەی محەمەد پاشا لەو ماوەیەی پێش کوژرانیدا نێوانی لەگەڵ قاجارییەکاندا خۆش نەبووە، لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی کە دژ بە ئێران نواندبووی و گەڕابووەوە بۆ ناوچەکانی بن دەسەڵاتی عوسمانی (محەمەدئەمین، ٢٠١٥، ١٥٠)، چونکە کاتێک شەڕێکی گەورە لە نێوان هۆزی جاف و

هەمەوەندەکان ڕوودەدات لە ناوچەی داڵاهۆی زەهاودا، جافەکان تیایدا سەرکەوتن.

جوامێرئاغا دەستی لە یارمەتیی کەرەم وەیسییەکان هەڵگرت، بەم هۆیەوە خێڵی کەرەم وەیسی لە شەڕی زەهاودا تەفروتونا بوون (فەهمی بەگ، ب.س، ٥٢؛ حەسەن، ٢٠٠٤، ٥٩-٦٠)، دواتر جوامێری هەمەوەندیش داوای پەناهەندەیی لە ناصرەددین شاە کرد، شا پەناهەندەیی جوامێرئاغای قەبوڵکرد و ناوچەی زەهاوی پێبەخشی لەگەڵ مووچەیەکی هەزار تومەنی مانگانە، جگە لە بەخشینی دەسەڵاتێکی زۆر و دروستکردنی قەڵایەک لە قەسری شیرین، بەرانبەر قەڵاکەی (محەمەد پاشا) لە ناوچەی شێروانە.

بێگومان بەرژەوەندیی دەوڵەتی قاجاری وای دەخواست کە ببێتە پاڵپشتی هۆزێکی شەڕکەری وەک هەمەوەند، کەسێکی ئازای وەک جوامێرئاغا بگرێتە خۆی و لە پێویستیدا بەکاریبهێنێت، سیاسەتەکەشی جێبەجێکرد و دەسەڵاتێکی خستە ژێر دەستی ناوبراوەوە، زۆر کار و کردەوەی پێسپارد، وەک هەمیشە کە کاریان پێ نەما زۆر بە نامەردی کوشتیان (سنجاوی، ٢٠١١، ٣١؛ حەسەن جاف، ١٩٩٠، ٣٩)، لێرەدا ڕوونە قاجاری و عوسمانی لە زۆر لایەنەوە ناکۆک بوون، بەڵام بۆ لەناوبردنی کورد، بە چەشنی برا بوون، بە تایبەت دوای پەیمانی ئەرزەڕۆمی دووەم لە ساڵی ١٨٤٧، کە واژووکرابوو لە نێوان هەردوو دەسەڵاتدا (حەسەن جاف،١٩٩٠، ٣٨؛ خوسرەو جاف، ٢٠١٣، ٥٧؛ حەسەن جاف، ١٩٩٦، ٧٠-٧١)، هەر ئەم سیاسەتەش بوو وای کرد کە هەردوولا ڕێککەون بۆ لەناوبردنی جوامێرئاغای هەمەوەند.

سوپای ئێران بە سەرکرایەتیی (حسام الملک) و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە سەرکردایەتیی (قۆرت ئیسماعیل پاشا)ی دیاربەکر، لەگەڵ ئۆردووی بەغدا بۆ ئەم کارە دیاریکران لە ساڵی (١٨٨٦ز) کوشتیان (بەگی

جاف، ١٩٩٥، ٥٨؛ فیلد، ٢٠٠٦، ٩١؛ زەکی بەگ، ٢٠٠٦، ١٤٢-١٤٣؛ ئەمین، ٢٠٠٨، ١٤٠؛ حەسەن جاف، ١٩٩٠، ٣٨؛ کەریم بەگ، ٢٠٠١، ٤٩-٥١)، بەم شێوەیە هەم محەمەد پاشا و هەم جوامێرئاغا و چەندین سەرکردەی دیاری دیکەی کورد بە پیلانگێڕی و شمشێری یەک سیاسەت کوژران، ئەم سیاسەتەش هەردوو دەوڵەت پەیڕەویان دەکرد دژی هۆز و عەشیرەتە کوردییەکان، بە ئامانجی لەناوبردنی بیری سەربەخۆیی و یاخیبوونی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندیی هەردوولا (کەریم بەگ، ١٩٩٥، ٥٩؛ قادر، ٢٠١٦، ٦٢؛ حەسەن جاف، ١٩٩٠، ٣٩؛ حەسەن جاف، ١٩٩٦، ٧٢؛ سنجاوی، ٢٠١١، ٣١؛ حەسەن، ٢٠٠٤، ٦٢).

**دەرئەنجام:**

لە سەردەمی محەمەد پاشای جاف پەیوەندیی هۆزی جاف و بابانەکان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ، بە پێچەوانەی سەردەمەکانی پێشووتریان کە لە کاتی لەناوچوونی میرنشینی باباندا تەواو ڕەنگدانەوەی تیادا بەدیدەکرا، ئەمەش لەلایەک بۆ دەستێوەردانەکانی بابان دەگەڕایەوە لە کاروبارەکانی هۆزی جاف. لەلایەکی دیکە، بۆ سیاسەتی عوسمانی و ئێرانی دەگەڕایەوە کە لە هەوڵدابوون بۆ دروستنەبوونی هەماهەنگیی نێوان میرنشینەکان و هۆزەکانی ژێر دەسەڵاتیان.

سەرەڕای پێدانی نازناو و پلە و پۆست بە محەمەد پادشای جاف لە لایەن هەردوو دەوڵەتەوە، بەڵام محەمەد پاشا ملکەچی بۆ هیچکام لەم دوو دەوڵەتە نەبووە و هەمیشە هەوڵیداوە هۆزەکەی بە سەربەرزی بژین، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی هۆزەکەیان لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا بە ئازادی هاتوچۆ بکەن و دانی بە سنوورەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتدا نەناوە، بە تایبەت دوای لەناوچوونی میرنشینی بابان لە ١٨٥١ بەردەوام لە هەوڵدا بووە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، کە لە دوای میرنشینی بابان لە ناوچەکە دروستبوو، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە هەستی بەوە کردووە لەو

ڕۆژگارەدا یەکێک لە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتداری قەڵایە و بۆ ئەو مەبەستەش قەڵای شێروانەی بنیادناوە.

هەوڵەکان و دەسەڵاتی ڕەهای محەمەد پاشا بۆ داننەنان بە سنووری هەردوو دەوڵەتدا و پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی هۆزەکەی و برەودان بە ژیانی کۆچەریان، دەبێتە هۆکاری کێشمەکێشمی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری، کە هەماهەنگی یەکتریان کردووە بۆ لەناوبردنی محەمەد پاشای جاف و نیشتەجیکردنی هۆزی جاف، بە ئامانجی هێورکردنەوەی سنووری نێوانیان کە سەرەنجام گەیشتە کوژرانی محەمەد پاشا بە سیاسەتی هەردوو دەوڵەت.

**پەراوێزەکان:**

کەیخسرەو بەگ چوار کوڕی هەبووە (سلێمان بەگ، عەبدوڵڵا بەگ، قادر بەگ، محەمەد بەگ)، کە لە دوای خۆی سلێمان بەگی کوڕی دەبێتە سەرۆکهۆزی جاف (١٨٢٨-١٨٢٩)، ئەم کوڕەی خەسرەو بەگ هیچ منداڵی نەبووە، لە سەردەمی دەسەڵاتی سلێمان بەگی جافدا کە ئەردەڵانییەکان هێرش دەکەنە سەر بابانییەکان، میری بابان داوای یارمەتی لە هۆزی جاف دەکەن و سلێمان بەگ و عەبدوڵڵا بەگی برای بە دوو هەزار سەربازەوە دەنێرێتە یارمەتی (سلێمان پاشای بابان)، لەم شەڕەدا کە بە (گردە گروێ) ناسراوە و لە ساڵی ١٨٢٩ ڕوویداوە، عەبدوڵڵا بەگ بە سووکی بریندار دەبێت، دواتر بەم هۆیەوە کۆچی دوایی دەکات و لە گردی سەیوان لە گۆڕستانی بابانەکان بەخاکدەسپێردرێت (ئاشنا، ١٩٩٩، ١) (حەسەن جاف، ١٩٩٠، ٢٨)، هەروەها (قادر بەگ) لە کێشەی عەشایەریدا لە ساڵی (١٨٣٢-١٨٣٣) بریندار دەبێت و دواتر بەهۆی ئەو زامەوە کۆچی دوایی دەکات، سلێمان بەگیش دوای دوو ڕۆژ لە داخی مردنی براکانی نەخۆش دەکەوێت و ئەویش کۆچی دوایی دەکات، هەردووکیان لە گۆڕستانی

(سەید خەلیل) لە باکووری شێروانە بەخاکدەسپێردرێن (حەسەن جاف، ١٩٩٠، ٢٧-٢٨).

لێرەدا وەک ڕوونە کە ئاماژەمان پێدا سلێمان بەگی کوڕی کەیخسرۆ بەگ هیچ مندالّی نەبووە و دوای کوژرانی (عەبدوڵلا بەگ و قادر بەگ) و دوای مردنی سلێمان بەگی کوڕی کەیخسرۆ بەگ، لە بەرەبابی کەیخسرۆ بەگ تەنها محەمەد بەگ دەمێنێتەوە، کە کەسێکی بە توانا و لێهاتوو بووە (کەریم بەگ، ١٩٩٥، ١٥٩-١٦٤).

بەگزادەکانی جاف وەک و خێزان، یان هۆزێک تەماشادەکرێن و دەبن بە سێ بەشەوە (وەڵەد بەگی- کەیخسرەو بەگی- و بارام بەگی) (جویدە، ٢٠٠٨، ٧٧ )، (قادر، ٢٠١٦، ٢٦).

بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی کوژرانی  عەبدوڵلا بەگ، بڕوانە؛ خوسرەو جاف، پاشایان کوشت، بەغداد، ١٩٩٣، ٨٧)، لە شێوەی ڕۆمانێکدا بە وردی و بە شێوازێکی تێروتەسەل باس لە چۆنیەتیی کوژرانی عەبدوڵلا بەگ دەکات.

لێرەدا مەبەست شەڕی ناوخۆی هۆزی جاف لەگەڵ وەلەدبەگییەکانە و شەڕی دەرەکی مەبەست لە بابانەکانە.

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕێکەوتننامەی ئەرزەڕوومی دووەم بڕوانە: منوچهر پاراسادوست: ریشه تاریخی اختلافات ایران و عراق (١٥١٤-١٩٨٠) چ٤، چاپخانەی حەیدەری، تهران، ١٣٦٩، نجاتی عەبدوڵلا: کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی فارسی (١٦٣٩-١٨٤٧) چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر،٢٠٠١.

هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی قۆناغی گفتوگۆگان، بڕوانە: نجاة عبدالله، الامبراطوريات الحدود القبائل الكردية  كردستان و نزاع الحدود التركی ــ الايرانی (١٨٤٣-١٩٣٢)، ت: د.سعاد محەمەد خضر، ٢٠٢٠، مركز ژين للتوثيق والدراسات، طهران.

مەدحەت پاشا (١٨٢٢-١٨٨٥) دەرکەوتووترین ڕیفۆڕمخوازبوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا، بە جۆرێک کە لەلایەن مێژوونووسانەوە بە (باوکی ڕیفۆڕم) ناسراوە، بەوپەڕی دەستوالآیی کرایە والیی بەغداد، کە بەرپرسیاریەتیی فەرماندەی سوپای شەشەمی عوسمانی پێسپێردرا لە سنووری ویلایەتی بەغداد و موسڵ و بەسرە، دووجار پۆستی صدری الأعضمی پێدراوە، لە ١٨٨٣ دوورخرایەوە بۆ تایف و لەوێ ماوەتەوە (الجمیل، ١٩٩١، ٣٦٥).

گومانی تێدا نییە مەبەست لە گوڵ عەنبەر و جاف، تەنها هەڵەبجەیە، بەو پێیەی لە دوای دانانی محەمەد پاشا بە قائیمقامی هەڵەبجە ئیدی هەڵەبجە لە تۆمارەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بە قەزای گوڵ عەنبەر ناودەبرا، هەرچی سەبارەت بە هۆزی جافیشە، لەبەر ئەوەی پاشا بەگزادەکانی هەڵەبجە بۆ ماوەی چەندین دەیە قائیمقامی هەڵەبجە بوون، پێدەچێت هەر ئەوە هۆکاری ناوهێنانی بووبێت بە شێوەی (قەزای جاف) (عەلی، ٢٠٢٠، ٤٧).

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە پێش ئەم ڕێکەوت قەزای هەڵەبجە لە بری قائیمقام بەڕێوەبەری هەبووە، لەم ڕێکەوتە بەدواوە ئیدارەی قەزاکە لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەبێتە قائیمقامییەت، بەو پێیەش بێت ئەگەر قەزا وەکو ناو وەرگرین ئەوا ساڵی ١٨٤٢ مێژووی بە قەزابوونی شارەکەیە، بەڵام ئەگەر قەزا بەو شێوازە کارگێڕییە وەرگرین کە ئێستا هەیە، ئەوا ساڵی ١٨٦٩ مێژووی بەقەزابوونی شاری هەڵەبجە و دانانی یەکەم قائیمقامە بۆ ئەم شارە (سەلاح، ٢٠١٧، ١١١).

فەرهاد میرزا کوڕی فەتاح عەلی شایە، مامی ناصرەددین شایە و لە ساڵی ١٢٣٣ ک لەدایکبووە، بە سەختگیری و خوێنڕێژی بەناوبانگە، لە ناو فارس و کوردستاندا فەرمانڕەوایی کردووە، لە ساڵەکانی ١٢٨٤-١٢٩١ والیی سنە بووە (نوار، ١٩٦٨، ٧).

بۆ زانیاری دەربارەی شەڕی هەمەوەوند و زەنگەنە بڕوانە: فەرهاد عەبدول عەزیز محەمەد ئەمین، هۆزی هەمەوەند، توێژینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی سیاسیان لە نێوان ساڵانی (١٨٥١-

١٩١٤) تێزێکی دکتۆرایە پێشکەش بە کۆلێژی ئادابی زانکۆی صەلاحەددین کراوە، ٢٠١٥، ١٣٨-١٤٢

## سەرچاوەکان


- بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:

- دفترمطالعات سیاسی و بین المللی (١٣٦٩)، گزیدەء اسناد. سیاسی ایران و عثمانی دوورە قاجاریە (١٢٧١-١٣١٣ه.ق)، ج٢، تهران.

- دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی (١٣٧٢)، اسناد سیاسی ایران و عثمانی دورە قاجاریە (١٣٢٤-١٣٤٣ هـق)، ج٦، چ١، چاپخانە دفتر مطالعات سیاسی تهران.

- دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی (١٣٦٩)، گزیدەء اسناد ایران و عثمانی دوورەء قاجایە، (١٢١١-١٢٧٠ه.ق)، جلد١، چ١، چاپخانە دفتر مطالعات سیاسی و بین الملللی، تهران.

- نصیری، د.محەمەد رضا(١٣٧١)، اسناد و مکاتبات تاریخی ایران (قاجاریە)، از ١٢٦٤-١٣٠٠، ج٣، چ١، سازمان انتشارات کهیان، تهران، سند٦٥.


## یاداشت


- بیرەوەری مەلا تایەری یاروەیسی، ئا: سەرحەد یونس محەمەد، چ١، ب.ش، ٢٠٢٠.

- ریچ، کلاودیوس جەیمس، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حمە باقی ب١، چ١، چاپخانەی شیڤان، سلێمانی، ٢٠١٢.

**کتێب بە زمانی کوردی:**

- ئیدمۆنس، سیسیل جۆن (٢٠٠٤)، کورد و تورک و عەرەب، وەرگێڕان حامید گەوهەری، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

- ئەمین، نەوشیروان مستەفا (٢٠٠٥)، کورد و عەجەم، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، چاپخانەی روون، سلێمانی.

- ئەسکەندەر، سەعد بشیر (دکتور)، (٢٠٠٤)، سەرهەڵدان و ڕوخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، وەرگێرانی: جەوهەر کرمانج، چ٢، چاپخانەی حەمدی، ب.ش.

- ئاشنا، ئومێد (١٩٩٩)، محەمەد پاشای جاف (١٨١١-١٨٨٠)، چاپخانەی بینایی، ب.ش.

- باقی، محەمەد حمە (٢٠١٢)، ئەدەب و مێژوو، چ١، چاپخانە: موکریان، هەولێر.

- بەگی جاف، حەسەن فەهمی (ب.س)، مێژووی هۆزی جاف و مەحمود پاشای جاف، ئومێد ئاشنا، ب.ش.

- جوەید، وەدیعە (٢٠٠٧)، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٨٠، لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیز و ئەمەریکادا، و:محەمەد حمە باقی، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- جاف، کەریم بەگی فەتاح بەگ (١٩٩٥)، تەئریخی جاف، چ١، چاپخانەی دارالکتب والوثائق، بغداد -بەزمانی کوردی.

- جاف، خوسرەو (٢٠١٣)، مێژووی هۆزی جاف، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- جوەیدە، وەدیع (٢٠٠٨)، جوڵانەوەی نەتەوەی کورد و بنەماکانی پەرەسەندنی، وەرگێڕانی: د.یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
- جەلیلی، جەلیل (١٩٨٧)، ڕاپەڕینی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠، و: کاوس قەفتان، بغداد.
- جەلیلی، جەلیل (١٩٨٧)، کوردەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، وەرگێڕانی: کاوس قەفتان، بغداد.
- حەسەن، محمود حەسەن (١٩٨٥)، کورتەیەک لە مێژووی هۆزی جاف و باسی هەندێک لە تیرەکانی، چاپخانەی نەوڕەس، سلێمانی.
- حەسەن، مەحمود عەزیز (٢٠٠٤)، مێژووی هۆزی جاف و ژیانی تیرەکانی، چ١، ب.ش.
- خدر، عومەر خدر (٢٠١٤)، میرنشینی ئەردەڵان لە نێوان ساڵانی (١٢١٤-١٢٨٤ک /١٧٩٩-١٨٦٧ز)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- دیوانی مەولەوی سەید عەبدول رەحیمی مەعدومی (١٩٩٩)، محەمەد ئەمین ئەردەڵانی گۆڕیویەتی بۆ سۆرانی، ب١، چ١، ب.ش.
- ڕۆحانی، بابە شێخی مەردۆخی (٢٠١٢)، مێژووی ناوداری کورد، و: ماجد مەردۆخی رۆحانی، ب٣، چ ١، چاپخانەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

- زەکی بەگ، محەمەد ئەمین (٢٠٠٦)، تاریخی سلێمانی و وەلاتی، ب٣ ، چ٢، سلێمانی.
- سالح، گۆران ابراهیم (٢٠٠٧)،کەرکوک لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان سالانی (١٨٧٦ -١٩٠٩)، سلێمانی.
- سەنجاوی، عەلی ئەکبر (٢٠١١)، بیرەوەرییەکانی عەلی ئەکبر سەنجاوی (سەردار موقتەدر)، ساغکردنەوەی: د.کەریمی سنجاوی، وەرگێرانی: د.حەسەن جاف، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ســۆن، مێجەر.ئی.بی (٢٠٠٧)، چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و: نەجات عەبدوڵڵا، چاپخانەی ژین، سلێمانی.
- شریف، عومەر عەلی (٢٠١٠)، نۆ باس لە مێژووی کورد، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- شەریف، عومەر عەلی (٢٠٠٦)، لەیادنامەی کەرکوک و گەرمیانەوە، چ١، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک.
- شوانی، بەختیار سەعید محمود (٢٠٠٩)، کەرکوک لە سەدەی نوزدەهەمدا لێکوڵینەوەیەکە لە بارودۆخی رامیاری و ئابووری، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- عەلی، جەعفەر (٢٠٠٨)، سۆفیزم و کاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد (١٨٨٠-١٩٢٥)، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- علیاوەی، عەبدوڵڵا (دکتور) (٢٠٠٤)، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نوزدەهەمەوە تا جەنگی

یەکەمی جیهان (لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری مێژووی سیاسیدا)، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- عەلی، عادل صدیق (٢٠٢٠)، هەڵەبجە شلرێکی بچووک و مێژوویەکی دەوڵەمەند، بەرگ یەکەم، چ١، چاپخانەی ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی.

- کوردستانی، محەمەد مەردۆخی (٢٠٠٧)، مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی: عەبدول کەریم محەمەد سەعید، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

- کۆمەڵێک لە نووسەران و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز (٢٠٠٢)، و: حسێن ئەحمەد جاف، چ١، هەولێر.

- کەریم، خالید مەحمود (٢٠١٢)، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران (ی.ن.ک)، سلێمانی.

- گەورانی، عەلی سەیدۆ (٢٠٠٠)، لە عەمانەوە بۆ ئامێدی (گەشتێک بە کوردستانی باشووردا) و: تالیب بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەشخی سەردەم، سلێمانی.

- مینتشا شفیلی، أ.م (٢٠٠٨)، کورد و کورتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابووری و ڕۆشنبیری گوزەران، و: پ.د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، چ٢، چا: خانی، دهۆک.

- محمود، بەختیار عەزیز (٢٠٠٩)، کەرکوک لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودوخی رامیاری و ئابووری، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- هەرووتی، سەعدی عوسـمان (٢٠١٣)، چەند لایەنێکی مێژوویی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا ، چاپخانەی حاجی هاشـم، هەولێر.

- صالح، حکیم مەلا (٢٠٠٤)، هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.

- صدیق، عادل (٢٠٠٨)، هەڵەبجە (١٨٨٩-١٩٢٠)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چ١، شوێنی چاپ: کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر، ب.ش.

**بە زمانی فارسی:**

- صفی زادە، صدیق (بورەکەیی) (١٣٨٥)، فرهنگ بورەکەی کردی فارسی، دایرە المعارف کردی (اعلام)، ج٢، مط: ماهرنگ فجر، انتشارات پلیکان، تهران.

- فاروقی، عومەر (١٣٨٣)، کوردستان در مسیر تاریخ رواتب اسناد، چ١، چاپ و انتشارات دانشکاه تهران، تهران.

**بە زمانی عەرەبی:**

- الحبیب، کاظم (٢٠١٣)، لمحات من العراق القرن العشرین منذ الاحتلال العثمانی حتی بدایة نشوء الدولة العراقیة الحدیثة، ط١، مط: اراس، اربیل.

- الرحیم، فیصل محەمەد (١٩٧٥)، تطور العراق تحت حکم الاتحادین (١٩٠٨-١٩١٤)، مطبعة الجمهور، موصل.

- المحامی، عباس العراوی (٢٠٠٥)، موسوعه العشائر العراق (الكردية)، مج٤، ط١، مط: الدار العربيه.
- الوائلی، عبد ربه سكران ابراهيم (٢٠١٢)، تاريخ الامارة البابانية الكردية، بغداد.
- الجميل، سيار كوكب (١٩٩١)، تكوين العرب الحديث ١٥١٦-١٩١٦، موصل.
- شريف، عومەر عەلی (٢٠٠٥)، استذكارات عن التايخ الكرد الحديث.
- عماد احمد الجواهيری (١٩٧٨)، تاريخ مشكله الاراضی (١٩١٤-١٩٣٢)، بغداد.
- فيلد، هنری (٢٠١٢)، جنوب كردستان (دراسة أنثروبولوجية)، ترجمة: جرجيس فتح الله، ط١، مط: أراس، اربيل.
- كردستانی، علی اكبر (٢٠٠٢)، الحديقة الناصرية فی تاريخ و جغرافيا كردستان، ترجمة: جان دوست، چ١، مط: وزارة التربية، اربيل.
- مزيری، شعبان (٢٠١٢)، كردستان العراق فی ظل الحكم العثمانی (١٥١٤-١٩١٨)، ط١، مط: دار الثقافة والنشر الكرديه، بغداد.
- نوار، عبدالعزيز، تاريخ العيراق الحديث فی نهاية حكم داود پاشا الی نهاية حكم مدحت باشا، القاهرة، ١٩٦٨.

**نامەی زانکۆی بڵاونەکراوە:**

- ئەمین، فەرهاد عەبدوالعزیز محەمەد (٢٠١٥)، هۆزی هەمەوەند، توێژینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی

سیاسیان له نێوان ساڵانی (١٨٥١-١٩١٤)، تێزێکی دکتۆرایه پێشکەش به  زانکۆی صەلاحەددین کراوه.

- قادر، غەمگین عبدالله (٢٠١٦)، رۆلی سیاسی هۆزی جاف له ماوەی ساڵانی (١٨٤٧-١٩١٨)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییه، پێشکەش به زانکۆی صەلاحەددین کراوه.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان**

**به زمانی کوردی:**

- حەسەن جاف (دکتۆر)( ١٩٨٧)، با وردتر له ڕووداوه مێژووییەکان بکۆڵینەوه، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژماره (١١٦)، بەغداد.

- حەسەن جاف (دکتور)(١٩٩٠)، نەخشی هۆزی جاف لەسایەی چەند سەرۆکێکەوه له مێژووی کورددا، گۆڤاری  کۆری زانیاری عێراق دەستەی کورد، ژماره (٢١-٢٢).

- حەسەن جاف (دکتۆر)(٢٣١٣)، ڕاستکردنەوەی چەند هەڵەیەکی مێژوویی سەبارەت به پەیوەندی مەولەوی و حەمەپاشای جاف و محمود پاشای جاف و ئامینەخانی سەردار، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژماره ٢٤.

- دەلوی، جیهاد مەولود (٢٠١٠)، قەلای شێروانه ساڵی ١٨٦٦ لەسەر دەستی حەمه پاشا دروستکراوه، گۆڤاری گەرمیانی ئەمرۆ، ژماره ٤٥.

- ڕۆژنامەی ژیان (١٩٣٦)، ژماره ٤٩٧، سلێمانی.

- سەلاح، سامان (٢٠١٧)، هەڵەبجە لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانیدا، گۆڤاری خاڵ، ژمارە ١٢.

**بە زمانی عەرەبی:**

- العلياويى، عبدالله محەمەد على (٢٠٠٥)، سياسە الدولەت العثمانيە تجاە العشائر الكرديە فى كركوك وأطرافها من عام ١٨٨٧-١٩٠٩، دراسة وثائقية تحليلية، مجلد سردم العربى، العدد ٨، السنة الثانية ربيع.

- زوراء (جريدة)، بغداد، عدد (١٠٤٣)، فى (١٩-رەجەب١٢٩٦).

**بە زمانی فارسی:**

- ميرزا ملكم خان (١٩٧٠)، برسياى تاريخى، شمارە١، سال٥، نيسان.

**ملخص**

إن هذه الدراسة تكمن فى محتواها دراسة تاريخية حول جهود حراك السياسى (حمه باشا ) كرأيس عشيرة جاف بين عام (١٨١٤-١٨٨١) وألمت الدراسة فى إبراز دور (حمه باشا) فى مراحله المختلفة آنذاك بشكل علمى حسبما تفتضيه الدراسة وتتكون هذه الدراسة من ثلاثة محاور فى محورها الأول تلقي الضوء على علاقة عشيرة جاف مع أمارة بابان ، مع أبراز نقاط الخلاف والجانب الإضطرابي بين عشيرة جاف و أمارة بابان من تدخل إمارة بابان في أمور عشيرة جاف بعض الأحيان ، و في محورها الثاني تلقي الدراسة الضوء ، والتغيرات التي حدثت في النصف الثاني من قرن تسعة عشر في هذه الأماكن وتسببت هذه الأحداث على أبراز قضية هذه العشائر كالقوة الأوحد آنذاك في معارضة وتصدي السياسيين من الدولة العثمانية و دولة قاجارية.

**Abstract:**

The study which concluded historical study about the political role of Hama Pasha (King Hama), the leader of Jaff tribe during the era of (1881-1814). The study is academic study to determine the active role of Hama Pasha in the different periods by scientific way which divided into three different parts:

The first part, includes relationships between Jaff tribe and kingdom of Baban, moreover it can be focused on inside conflicts of Jaff tribe and the complicity of baban kingdom of Jaff tribe situations.

In part two the main changes are mentioned which happens in the middle of 19th century in the region. And leads to deceptive tribe crisis as a main power to political competitions between Othman empire and Qajari, the role of Hama Pasha in the conflicts between these two countries especially after Second Arzaroom

agreement in 1847, after that produce co working  between two mentioned countries to escape tribe role.

In part three as a last part, cause and reasons behind killing Hama pasha were clarified under the light of Qajar and Othman empires.